سەید حەکیم: گفتوگۆ و ڕاستی و پەنابردن بۆ دەستوور بنەمای بنیاتنانی عێراقێکی بەهێزە

لە پارێزگای دهۆك، لە میوانخانەی هێزی بەرواری ئازیز، لەوێ لە میوانخانەی تایبەتی شیخ عادل بەگ بەرواری، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی بە کۆمەڵێك شیخ و پیاوە دیارەکانی هێزەکە کەوت و لەوێش باسی مێژوویەکی درێژی پڕ لە وەستگەی گرنگ کرد سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ گەلی کوردستان.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە پەیوەندی باب و باپیران میراتێکە لە کوڕەکان بۆ ڕۆڵەکان و نەوەکان بەجێماوە، ئاماژەشی کرد کە عێراقییەکان خوێن و فرمێسکیان ڕشت بۆ ئەوەی لە دەست دیکتاتۆریەت ڕزگاریان بێت، وەك لە هەڵەبجە و ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئەوە بەرجەستە بوو، تا ئەو ساتە هات کە گەیشتنە ئەو رۆژەی کاروباری خۆیان بەخۆیان بەڕێوە ببەن، هەروەها داوای کرد گفتوگۆ و ڕاستگۆیی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و گوتیشی لە وڵاتێکی وەك عێراق ئەو ناکۆکیانە شتێکی ئاساییە ئەوەی عەیبەیە بێ توانایی و بێ دەنگییە بەرامبەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و چارەسەر نەکردنیان، لەبەرەش دەستوور پێویستە سەرپشك بکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ یەکلایی بکاتەوە و عێراقێکی بەهێزیش دروست بکرێت.

بەڕێزیان ئاماژەی بە زیانە ڕاستەوخۆکانی عێراق کرد کە بەهۆی شەڕی بەردەوامی ناوچەکەوە تووشی بووە و داوای یەکڕیزی و خۆڕاگری لە بەرامبەر ناخۆشییەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی کرد، هەروەها باسی ژیانی سەرکردەی کۆچکردوو فازل بەرواری و ڕۆڵی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری کرد و ئاماژەی بەوەدا کە عێراق ئاستەنگی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێپەڕاندووە و ئێستا ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری بووەتەوە.

سەید حەکیم داوای کۆتاییهێنان بە مۆدێلی دەوڵەتی کرێچی کرد و گرنگی بە بوژاندنەوەی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای مۆدێرن بدرێت. ناوبراو داوای لە سەبر و کۆڵنەدان کرد بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ئێستا، جەختی لەسەر دوورخستنەوەی عێراق لە بلۆکە دەسەڵاتە ناوچەییەکان کردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە لە بەرژەوەندی عێراقدایە کە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەمووان بپارێزێت، هاوکات خۆشەویستی و شانازی خۆی بە گەلی کوردی ڕەسەن دەربڕی..